


# خانەقی..کۆڕێک سەبارەت بە ژنان

کۆڕێکی تایبەت بە توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن زەینەب حسێن بۆ ژنانی خانەقی سازدەکرێت.

زەینەب حسێن نوێنەری سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری ژنانو ئەندامی ئۆفیسی خانەقی، کۆڕێکی تایبەت بە کێشەکانی ژنانو لە ژێر ناونیشانی (توندوتیژی دژی ژنانو بارو دۆخی کۆمەڵایەتی ژنان)، لە سەنتەری چالاکی گەنجان لە خانەقی سازکرد.

کۆڕەکە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند، لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٢داو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ژمارەیەك لە ڕێکخراوە مەدەنیو حکومیەکان بەڕێوە چوو.

# منداڵانی مەخمور یادی ڕۆژی جیهان دەگێڕن

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵان پێشانگایەکی سیرامیك بۆ یادی ڕۆژی جیهانی منداڵان دەکاتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەر- بەڕێوەبرایەتی ڕۆشنبیری منداڵ، بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی منداڵانی جیهانو بەشداربوونی منداڵانی کوردستان لەم یادە، پێشانگایەکی سیرامیکی ساردی بۆ منداڵانی بەهرەمەند لە قەزای مەخمور کردەوەو ژمارەیەکی زۆری منداڵان بە بەرهەمە هونەریو ڕەنگینەکانیان تێیدا بەشداربوون.

ئەم پێشانگایە بەرهەمی خولێکی سیرامیك بوو، کە بەسەرپەرشتی مامۆستا خونچە موسلیم بۆ منداڵانی بەهرەمەندی ئەو ناوچەیە کرایەوە.

**پەیامنێری هەولێر**

# خولی دوورومان بۆ ژنانی خانەقی

سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری ژنان، خولی فێربوونی دوورومان، بۆ ژنانی خانەقەی دەکاتەوە.

لەسەر داوای ژنانی خانەقیو دەوروبەری، سەنتەری ڕاگەیاندی ژنان- ئۆفیسی خانەقی خولی فێربوونی دوورومانی دەستپێکرد.


خولی یەکەمی لە ناو خانەقیداو خولی دووەمیش لە ناوەڕاستی مانگی پێنج لە گوندی ئەرکەوازی کرایەوە کە زیاد لە ٦٠ ژن تێیدا بەشداریکرد، وابڕارە لە چەندین گوندی تری دەوروبەری خانەقی هەمان خول بکرێتەوە.


گرتەیەک لە خولی دوورومانی ئەرکەوازی

# سمە بولبول پەیکەرسازان لە ئامێز دەگرێت

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بۆ یەکەمجارە پێشانگایەکی تایبەتی پەیکەرسازی دەکاتەوە.

بە مەبەستی ڕێزنان لە پەیکەرە قوڕینەکانی هونەرمەند سمە بولبولو چەند پەیکەرتاشێکی دێرینی کورد، یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان- ناوەندی سلێمانی یەکەمین پێشانگای هونەری پەیکەرسازی بۆ (٢٦) هونەرمەندی پەیکەرسازو لە ژێر ناوی (لە ڕۆحی سمە بولبولەوە) کردەوە. کە (حەمە فەرەج هەڵەبجەیی، بەیانمانی، شوان ڕەباتی، یاسین ڕنووس، لەتیف سابیر، ڕێبوار خالید، حیکمەت هیندی، بڵێسە مستەفا، زیرەك میرە، بەرزانزاهیر، ڕوخۆش غەفور، جەلال ئەحمەد، جوان عومەر، بەختیار هەڵەبجەیی، بەختیار بەمۆن عەبدولرەحمان محەمەد، مەهدی حەمە غەریب، نەوشیروان خەلیل، بەرزانئەحمە نەسرەدین، تارا خالید، کامەران مەحمود ئەحمەد،کاوە حسامەدین، سروشت عومەر، خەڵات سەعید، دالیا عوسمان، دانا غەفور) تێیدا بەشداربوون.



پێشانگاکە لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانیو لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٨ کرایەوەو ماوەی ٤ ڕۆژی خایاند.

## نواڕێ

# منیش گەنجم بەڵام؟

گومان ناکەم کەس هەبێت لەم جیهانە پڕ ئێش و مەینەتە خواست و ئارەزووی نەبێت یا خەونی پێوە نە بینێت ناشکرێت تێکرای خەونو ئارەزوەکانی پشت گوێ بخرێت، بەڵام کام خەون و کام ئارەزو من لێرەدا ئەمەوێ وەك گەنجێك رای خۆم بڵێم چونکە ماوەیەکە هەندێك خەڵك دەهۆلی بەناو بەرگری کردن لەگەنجیان کردۆتە مل و ئەو کەناڵ و ئەو کەناڵ ی راگەیاندن ئەکەن کە جگە لە خەونەکانی شەخسی خۆیان باس لە هیچی تر ناکەن، لێرەدا ئەمەوێ لەو گەنجانە بپرسم کە دەیانەوێ داکۆکی لە گەنج و خواستەکانی بکەن رۆژێك هاتونەتە ناو گەنجان و لە ئێش و مەینەتیەکانی گەنجانیان کۆڵیوەتەوە؟؟ بێگومان تارادەیەکی زۆر نا، ئایا داخوازی گەنجی کورد هەر ئەوەیە بە ئازادی لەسەر شەقام ماچێك بکات یان ئەگەر ئەوەی بۆ نەرەخسا شەرعیەتی ئەوەی بدەیتیو بەرەو هەندەران را بکات، بۆ ئەو رۆشنبیرانەی کە لە هەمو ٢٤ کاتژمێرێکا لە کەناڵێکی TV دەرئەکەون و هانی گەنجان ئەدەن کە ژیانتان خۆش نیەو قبوڵی مەکەن من ئەپرسم ئایا وڵاتێکی وەك سویسرا کەسەدان ساڵە ولاتە و شەرو مەرگەساتیشی بەخۆوە نەبینیوە گەنجەکانی ئەوجۆرە داخوازیانەیان هیە و ئەوەی گەنجی ئێمە ئەیەوێت بۆ ئەوانیش ئەلوێت؟

لەگەڵ ئەوەدام گەنجی کورد لەئاست ناهەقیەکان بێدەنگ نەبێت، بەڵام نەك خودی گەنج ببێتە تەرەفێك لە گەندەڵی و چەوساندنەوەی گەنج ، هیوادارم ئەوانەی خۆیان بە پارێزەری مافەکانی گەنجان دا ئەنێن بەر لە هەمو شت لە زەلکاوی گەندەڵی بێنە دەرەوەو لەجیاتی ئەوەی گەنج هان بدەن وڵات جێ بێلن ، هەستی نەتەوایەتیان لا بەهێزتر بکەن. ئەمەوێ لەکۆتاییدا ئەوە بڵێم کە یەکێك لەو گەنجانەی بەرێوەبەری دامەزراوەیەکی گەنجانە بەدەیان خەونی گەنجی شارەکەی خۆی خستۆتە ژێر گڵ و تەنانەت بەشێکی زۆری گەنجی هاوشاری خۆی لێیان قەدەغەیە بچنە ئەم دامەزراوەیە کەچی لەیەکێك لە چاوپێکەوتنەکانی کەناڵێکی راگەیاندن داکۆکیکارێکی سەرەکی گەنجان بو. بۆیە ئەڵێم منیش گەنجم نامەوێ بەم شێوەیە داکۆکی لە مافەکانم بکرێت ئەوەش داخوازی من نیە کە ئێوە ئەوەندە سوکی ئەکەن گەنج زۆر لەوە گەورەترە کە رێگەی هەڵاتنی نیشان بدەن.

**کێو**